# مەلا بەختیارو بەکارهێنانی زمانی
# زەڕافەو گورگ لەیەک کاتدا!!!!

پرۆفیسۆری ئەمریکی، مارشاڵ ڕۆسنبێرگ لەبواری پەروەردەو سایکۆلۆجیدا، خاوەنی تیۆری "زمانی زەڕافە و گورگ یان چەقەل"ە. ئەم تیۆریەی ڕۆسنبیرگ لەژیانی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی نێوان دوو کەس، نێوان ژن و مێرد، نەوەی نوێ و کۆن، نەتەوە جیاکان، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە خوێندنگاکاندا، لە شوێنی کاردا، لە کۆمەڵگاداو جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناوە!! لە دانیمارک، گرنگیەکی زۆر بەخوێندنی ئەم تیۆریە دەدرێت، بەتایبەتی لە زانکۆو پەیمانگاکانی پێگەیاندنی دەروون ناسان، مامۆستایان، پەروەردەکەری باخچەی ساوایان و منداڵان.

ڕۆسنبێرگ پێیوایە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئاشتی و تەبایی سەقامگیر بێت لە ناوەوەی مرۆڤ و پەیوەندیەکانماندا، پێویستە مرۆڤ ئاشتیانەو بەشێوەیەکی گونجاو بیربکاتەوە. بێگومان بۆ سەرکەوتن و جێبەجیکردنی ئەم تیۆریە، پێویستیمان به بەکارهێنانی زمانێک هەیە کە ئاشتی و هاوتەبایی بێنێتەدی. پێویستیمان بەزمانێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لەهەمانکاتدا ڕێزگرتنی بۆچوون و داواکاریەکانی هەردوولا.

ئەم زمانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بریتیە لەزمانی زەڕافە. زمانی زەڕافە ڕێگای ئەوە بە ئێمە دەدات کە بۆچوون و داواکاریەکانی خۆمان بەشێوەیەکی وا دەرببڕین بۆ ئەوەی پۆزەتیوانە کاربکاتە سەر لایەنەکەی ترو وای لێبکات، بەئارەزوو و خۆشیەوە پەسندمان بکات. بەهەمان شێوە، بەکارهێنانی ئەم زمانە کار ئاسانی بۆ گوێگرتنمان بەسۆزەوە لە بۆچوون و داواکاریەکانی لایەنی بەرامبەریشمان دەکات، لەبری بڕیاری ناتەواوی پێش وەخت، شێکردنەوەی ناڕاست و دروست، ڕەخنەی نابەجێ و سەپاندنی مەرجی ناڕەوا.

زمانی زەڕافە بریتیە لەزمانی دڵ و هەر لەدڵیشەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕۆسنبێرگ بۆیە زەڕافەی هەڵبژاردوە، چونکە زەڕافە خاوەنی گەورەترین دڵە لەنێو ئاژەڵەکانی ووشکانیدا، پڕ وزەو نەرم و نیانە و جولانەوەکانی سەرنجڕاکێشەو بە ووریاییەوە جوڵە دەکات.

کورد بۆ گفتوگۆکردن و خستنەڕووی دۆزی نەتەوەکەی و گەیشتن بە چارەسەرێکی ڕەوای ئەم دۆزەیە، هەردەم زمانی زەڕافەی لەگەڵ دوژمنەکانی خۆی لە عەرەب، تورک و فارس بەکار هێناوە. بەکار هێنانی ئەم زمانە لەلایەن کوردەوە بە بەردەوامی، زەرەری زۆری بە کورد گەیاندووەو یەکێکە لەو هۆیانەی کە کوردی بەژێر دەستەیی هێشتۆتەوە. لەلایەکی ترەوە دوژمنانی ئێمە، بەبەردەوامی زمانی گورگیان لەگەڵ ئێمەدا بەکارهێناوەو گوێیان لەزمانی نەرم و نیانی زەڕافەی ئێمەی کورد نەگرتووە. ئەگەر دوژمنەکانمان، ئەوانیش زمانی زەڕافەیان هەڵبژاردایە بۆ خۆیان لەبەرامبەر کورددا، ئەوە چەندین ساڵبوو، کورد بەئاواتەکانی خۆی شادببوو. کورد دەبوایە لەبەرامبەر زمانی گورگی دوژمندا، زمانی خۆی بگۆڕییایە لەپێناوی ناچارکردنی ئەوان بۆ وازهێنان لەبەکارهێنانی زمانی گورگ و هەڵبژاردنی زمانی زەڕافە.

زمانی چەقەڵ یان گورگ پێچەوانەی زمانی زەڕافەیەو سەرچاوەکەی کەلەی سەرە. ئەم زانایە بۆیە گورگی هەڵبژاردوە، چونکە گورگ ئاژەڵێکە پەنا دەباتە بەر هێرشکردن و لەپێناوی تێرکردنی وورگی خۆی هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر. ئەوانەی بەزمانی گورگ دەدوێن، گوێ لە بۆچوون و داواکاریەکانی بەرامبەرەکەیان ناگرن، مەرجی ناڕەوا دەسەپێنن، بڕیاری نادروستی پێش وەخت دەدەن، ڕەخنەی نابەجێ دەگرن، شێکردنەوەی دوور لەڕاستی دەخەنە ڕوو و درێژە بە چەوسانەوە دەدەن. ئەمانەش دەبنە هۆی دروستبوونی تورە بوون، دڵتەنگی، هێرش کردن، تاوان خستنە پاڵ و کەڵێن دروستکردن.

عەرەبەکانی ئێراق، هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە لەساڵی 1921 دا تاوەکو ئەمڕۆش، زمانی گورگیان بەکار هێناوە لە بەرامبەر بە کوردو داخوازیە ڕەواکانیدا. عەرەبەکان لەئەنجامی بەکارهێنانی زمانی گورگ لەدژی کورددا، توانیویانە درێژە بە ستەم و دەستکەوتە ناڕەواکانی خۆیان بدەن کە بریتین لەدرێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان و ناوچە تەعریبکراوەکان و بردن و تاڵانکردنی خێروبێرو سامانی کوردو کوردستان.

کاتێ کە قسە دەکرێت لەسەر زمانی زەڕافە، گرنگی زۆر دەدرێت بە دەربڕین، بۆچوونەکان و داواکاریەکان بەبێ سەپاندنی هیچ مەرجێک و لەهەمان کاتدا گرنگیش دەدرێت بەلایەنی بەرامبەر. ئەم کارەش نزیکبوونەوە دروست دەکات و هەلی زیاتر دەڕەخسێنێ بۆ یەکگرتنەوەی بۆچوون و داواکاریەکانی هەردوولا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جاری وا هەیە پەلامار دەدرێین یان هێرش دەبەین، لەم کاتەدا کەس دڵنیا نیە، کە ئایا زمانی زەڕافە دەتوانێت پەیوەندیەکی هاوسۆزی دروست بکات و ئێمەش بپارێزێت؟؟!!!! لەوانەشە پێویست بە بەکارهێنانی هێز بکات بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین و بەرامبەرەکەمان بوەستێنین!!! بەکارهێنانی هێزیش بۆ خۆپاراستن و وەستاندنی بەرامبەر کارێکی ڕەوایە. واتە بەکارهێنانی زمانی گورگ لەهەندێ بارداو بۆ خۆپاراستن و وەستاندنی زمانی گورگی بەرامبەر ڕەوایە. هەروەها دەکرێت دووبارە زمانی زەڕافە بەکار بهێنرێت دوای بەکارهێنانی زمانی گورگ یان هێز بۆ خۆپاراستن.

کورد هەردەم لەلایەن عەرەبەوە پەلامار دراوە ، بەکارهێنانی هێزیش لەلایەن کوردەوە زیاتر بۆ خۆپاراستن بووە نەک بۆ وەستاندنی بەرامبەرەکەمان، چونکە ئەو هێزە زەبەلاحەمان نەبووە. کاتێ عەبدوللا ئەلجبوری پارێگاری دیالە لە 8.9.04 دا لە خانەقین و دەورو بەرەکەی پەلاماری داینەوە، لەژێر پەردەو پێستێکیتر بۆ سەپاندنەوەی تەعریب!! بۆیە بۆ ئێمەی کورد زۆر پێویست بوو، لەپێناو پاراستنی خۆمان و وەستاندنی دوژمندا، زمانی گورگ لەبەرامبەریدا بەکار بهێنرێت. ئەوەبوو کورد لەڕێگای هەڤاڵ مەلا بەختیارەوە، لەیەک کاتدا هەم زمانی زەڕافەو هەم زمانی گورگی بەکارهێنا بۆ سڕینەوەی پاشماوەی تەعریب لەناوچەکەدا. کورد زمانی زەڕافەی بەکارهێنا، کاتێک کە هێزی کورد بەسەرکردایەتی مەلا بەختیار، لەیەکەم ڕۆژی ڕزگارکردنی خانەقینەوە، هەڵسان بەدەرکردنی 54 هەزار عەرەبی تەعریب لە خانەقین و دەورو بەرەکەی، نەک بەبی خوێنڕشتن بەڵکو هاوکاریشیان کردن بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی داگیریان کردبوو. کورد لەهەمانکاتدا زمانی گورگی بەکارهێنا لە بەرامبەر زمان و نیازی گورگانەی عەولا ئەلجبوری، کاتێ لەسەر زاری مەلا بەختیار پێی ڕاگەیەندرا کە: کورد و سەرکردایەتیەکەی بەهیچ شێوەیەک، هەرگیزاو هەرگیز بۆیەک چرکە ساتیش جارێکیتر ڕێگە نادەن یەک تەعریب بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە، ئەوە بڕیارێکە تۆ لێیەوە بەرپرسی، وە ئێمە ئامادەین باجی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بڕیارە بدەین، باجەکەی هەر چیەک بێت! ئێمە ئامادەین پوچەڵی کەینەوە. ئەو تەعریبانەی کە تا ئێستاش لێی گەڕاوین، لەبەر ڕێزگرتن لە هەڵومەرجە سیاسیەکە لێی گەڕاوین و لەماوەی 3 مانگی تر ئەوانیش دەردەکەین).

نەک تەنیا لە خانەقین و دەوروبەرەکەی، بەڵکو لە سەرانسەری ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستاندا، کورد دەبوایە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆی بە زمانی گورگ قسەی لەگەڵ عەرەب بکردایە، چونکە عەرەب بەزمانی زەڕافە نایەنە ڕایێ!!

زۆر گرنگە بزانرێت، کام ئامرازو توانا بۆ بەکارهێنانی هێز بەکار هاتووە!! ئایا بەکارهێنانی هێزەکە چەشنێک لەسزادان بووە؟ یان لەپێناوی تۆڵەسەندنەوە بووە؟ یان لەپێناوی پاراستنی خۆماندا بووە، بەهۆی بەکارهێنانی کەمترین هێزی پێویست؟

ئێمەی کورد، هەر لەسەرەتای شۆڕش کردن و هەموو ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی دوژمنەکانماندا، لەزمانی زەڕافەش نەرمترمان بەکارهێناوەو شۆڕشەکانیشمان لەپێناوی مانەوەی مۆرکی نەتەوایەتی و خاکی کوردستان بووە.

کورد ئەگەر هێزیشی بەکارهێنابێ لەپێناوی گەڕانەوەی مافی خوراوی چەندین ساڵەی خۆی بووەو هەرگیز هەوڵی نەداوە لەڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە تۆڵە بسەنێتەوە، هەر چەندە هەڵی واشی بۆ ڕەخساوە بۆ نموونە: لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991 دا، کە نزیکەی نیو ملیۆن سەربازی ڕژێم بەدیل گیران یان خۆیان بەدەستەوەدا، هەروەها سەدان تەعریب لەشوێنی خۆیان مانەوە دوای ڕزگارکردنی شارەکانی کەرکوک، خانەقین، توزخورماتوو، کفری، دوبز، مەخمور، دیبەگە، قەراج، گوێڕ، شەنگاڵ، شێخان و زومار و دەیان شوێنی تری تەعریبکراو، بێ ئەوەی خوێن لەلووتی یەکێکیان بێتە خوارەوە. کورد گەر بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە هێزی بەکار بهێنایە، دەبوایە لاشەی دەیان هەزار عەرەبی تەعریب و سەربازەکانی ڕژێمی ئەنفال، شەقام و کۆڵانەکانی کوردستانیان داپۆشیبایە!!!!. هەرچەندە دڵنیام، گەر شتەکە پێچەوانە بووایە، ئەوە عەرەبەکان و سەربازەکانی ڕژێم ئەنفالێکی تریان دەکرد، هەروەکو لەکاتی کۆڕەوەکەدا بەهەزارەها کەسی بێتاوانیان کوشت یان بێسەرو شوێنکرد. جاری دووەمیش کورد هەڵێکی تری بۆ ڕەخسا لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە 9.4.2003 دا، کەچی کورد هێزی بەکار نەهێنا بۆ تۆڵەسەندنەوەو تەعریبەکانیش هەر لەسەر ماڵ و زەویوزاری کورد مانەوە.

بەگوێرەی تیۆریەکەی مارشاڵ ڕۆسنبێرگ بێت، کورد هەردەم زمانی زەڕافەی لەبەرامبەر عەرەبی ئێراقدا بەکارهێناوە، لەبەرامبەر ئەو زمانە نەرمەی کورددا، عەرەبیش هەردەم، بگرە دوای ڕوخانی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی بەعس و سەددامیش بەبەردەوامی زمانی گورگی بەکارهێناوە.

هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری عەرەبی ئیسلامی کە کولتورێکە لەسەر زەوتکردن، تاڵان، توندوتیژی، هەڕەشە، تۆقاندن و کوشتن دامەزراوە. دەیەها ساڵە کورد لە گەیاندنی داواکاریەکانی خۆی و لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ عەرەبی ئێراقدا، لەسەرخۆ و پشوودرێژو بەویژدان بووە، لەڕەچاوکردنی بیروبۆچوون و داواکاریەکانی عەرەبدا دادوەرانە بووە، هەردەم هەست و نەست و نازی برای عەرەبی داگیرکەری ڕاگرتووە. بە پێچەوانەش (برای عەرەبی چاوڕەشم... شیرینە بەشت... تاڵە بەشم)،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبووە، دان بەمافە ڕەواکانی کورددا بنێت!!! لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان داگیرکەرو ماف زەوتکەر بووینەو کوردیش داگیرکراوو مافخوراوا! عەرەب هەردەم پەنای بردۆتە بەر هەڕەشە، تۆقاندن، هێز بەکارهێنان، سەرکوتکردن، تیرۆر و کوشتن بۆ مانەوەی خۆیان و درێژەدان بەسیاسەتی ڕەگەز پەرستانەو داگیرکردنی کوردستان. لەڕاستیدا دەبوایە کورد هەندێک  توندوتیژی بەکاربهێنایە لەپێناوی ڕاگرتنی ئەو ڕێگایانەی کە عەرەب بەکاری دەهێنێت بۆ پاراستنی دەستکەوتە ناڕەواکانی خۆیان لە دۆشین و داگیرکردنی سامانی کوردستان، بۆ لادانی ستەمی عەرەب و سڕینەوەی پاشماوەی بەعەرەبکردن و گەڕانەوەی سامانی کوردستان بۆ خەلکە ڕەسەنەکەی!!!!.
عەرەب لەکێشەی خۆیاندا لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا، بەمافی خۆیانی دەزانن هەڕەشە، تۆقاندن، هێز، تیرۆرو کوشتن بەکار بهێنن، چونکە پێیان وایە خاکی ئیسرائیل هی ئەوانەو لێیان داگیرکراوە، کەچی لە کوردستاندا هاوکێشەکە پێچەوانەیەو عەرەب داگیرکەرو مافزەوتکەرەو کورد زوڵم لێکراوو ماف خوراوە، بەڵام عەرەب هەمان سیاسەت بۆ گەڕانەوەی مافەکانیان لە ئیسرائیل و درێژەدان بەتاڵان و دزینی سامان و داگیرکردن لە کوردستاندا دەگرنەبەر!!!! کەواتە، عەرەب، گەر خاکی داگیرکراوبێت، یان خاکی نەتەوەی تری داگیر کردبێت، هەمان ئامراز بەکاردەهێنی بۆ ڕزگارکردنی خاکەکەی یان بۆ درێژەدان بە داگیرکردنی خاکی کەسانیتر. لەهەردوو دۆخیشدا خۆی بەڕاست و هەقدار دەزانێ!!!!
لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە زانا بەناو موسڵمان و پارت و گرووپە موسڵمانەکان هەم لە ئیسرائیل و هەم لە کوردستاندا، پشتیوانی لە عەرەبەکان دەکەن و زۆر جاریش فتوای خوێنڕشتن و کوشتنی کورد دەدەن!!!!! هەروەکو هیچیان خاوەنی ئەو ڕیسالە سەماویە نەبن کە دەڵێت:
( واخرجوهم من حيث اخرجوكم) واتە: دەریان بکەن لەو شوێنەی کەدەریان کردوون). بەپشت بەستن بەو ئایەتەی قورئان، کورد مافی خۆیەتی هێز بەکار بهێنێ بۆ دەرکردنی ئەو عەرەبانەی بەشداری کردنی بەعەرەبکردنیان کردووەو ماڵ و سامانی کوردیان داگیرکردووە لە کوردستاندا.
هەروەها (فمن اعتدي عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدي عليكم)، واتە: ئەوەی کە دەستدرێژی دەکاتە سەرتان، ئێوەش مافتان هەیە بەقەدەر دەست درێژییەکەی ئەو، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە).
بەپێی ئەو ئایەتەش، کورد مافی خۆیەتی عەرەبەکان لەسەر ماڵ و زەویوزاری داگیرکراویان دەرکەن و زەرەرو قەرەبووی چەند ساڵەیان لێبسەننەوە. بەڵام لەنێو هەموو موسڵمانی عەرەب کەسێک نادۆزیەوە، بەرامبەر بە عەرەبی تەعریب لە کوردستاندا، داوای جێبەجێکردنی ئەو دوو ئایەتەی کە ئاماژەم پێکردن، بکەن. ئەوەنەبوو، لەکاتی سەردانی کۆمەڵێک لە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ لای سیستانی لە 12.7.2004 دا، سیستانی بەدەم داواکاریەکەی زانایانی ئایینی کوردستان نەهات. لەو سەردانەدا شاندی کوردی و سەرۆکی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان یاداشتنامەیەکیان دایە دەست سیستانی کە واژۆی (ئیمزای) 1292 مەلای کوردستانی لەسەربوو. هەموو هەوڵی شاندی زانایانی ئیسلامی بۆ ئەوەبوو، بەڵکو سیستانی فەتوایەک بدات بۆ تەعریبەکان کە ماڵ و زەویوزاری داگیرکراوی کورد بۆ خاوەنە کوردەکانیان بگێڕنەوە، بەڵام هەوڵەکە بێسوود بوو، چونکە فەتوایەکی وا لە کۆنەپەرست و شۆڤێنستێکی وەکو سیستانی ناوەشێتەوە!!.
سیستانی بەشاندی کوردی ڕاگەیاندبوو: کورد لەسەر هەقن و ئەوانەی هاتوونەتە سەر خاکی ئێوە، ناهەقن. داوا دەکەم کورد لێیان خۆشبن، چونکە ڕژێم ئەو عەرەبانەی بەزۆر هێناوەتە سەر خاکی کوردستان و دەبێت بیرێک لەزەرەری ئەو عەرەبانەش بکرێتەوە(1). ئەوەی ژیربێت بەو قسانەی سیستانی باوەڕ ناکات، چونکە پاساوێکە بۆ درێژەدان بە تەعریب!!!. خۆ عەلی کیمیاویش ناڕاستەوخۆ دانی بەوەدا دەنا کە کورد لە کەرکوک لەسەر هەقن، ئەوە نییە کیمیاوی لە کاسێتێکدا  کە لە ماڵەکەی ئەودا لە کەرکوک لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 دا دۆزراوەتەوە، کە خۆی سەرپەرشتی کۆبونەوەیەک دەکات و باسی ئەوە دەکات، چۆن بۆ تەعریبکردنی کەرکوک زیاتر لە 60 ملیۆن دینار واتە نزیکەی 200 ملیۆن دۆلاریان سەرف کردووە. گومانیش لەوەدا نیە ئەو تەعریبەی کە ئەو دڕندەیە باسی دەکات لەسەر حیسابی کورد بووە لە کەرکوک!!!! ئەمەش دانپیانانێکی ناڕاستەوخۆی ئەو پیاوەی سەددامە کە کورد مافی خوراوەو لەسەر هەقن.
دوو ڕۆژ لەمەو بەریش، ڕۆژنامەو میدیای کوردی وەکو موژدەیەکی خۆش چارەسەرکردنی کێشەی گوندی بەشیریان ڕاگەیاند، بەبێ ئەوەی هەست بە مەترسی ئەم چارەسەرە بکەن!!! بەبێ ئەوەی هەست بکەن، ئەم پێکهاتنە لەسەر حیسابی کوردە!!! بەبێ ئەوەی هەست بکەن، ئەمە درێژەدانە بە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک و کوردستان!!!!!
تێناگەم، چۆن پارێزگاری کەرکوک و گرووپی کوردی لە ئەنجومەنی پارێزگادا، ڕازی دەبن بەوەی کە چارەسەری کێشەی تورکمانەکانی گوندی بەشیرو عەرەبە هاوردەکانی ئەو گوندە لەسەر حیسابی کورد بکرێت؟؟؟؟ لە ڕێکەوتی 11.9 دا، بەسەرپەرشتی پارێزگاری کەرکوک عەبدولڕەحمان مستەفا و ئامادەبوونی جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، گرووپەکانی تورکمان و عەرەب،  نوێنەرانی تورکمان و عەرەبە هاوردەکانی گوندی بەشیر و هەردوو کۆنسوڵی بەریتانیا و ئەمەریکا، لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆبوونەوەیەکدا پڕیاردرا عەرەبە هاوردەکان گوندەکە چۆڵکەن بۆ تورکمانەکان،  بەمەجێک عەرەبەکان لەبەرامبەر گوندی بەشیر نیشتەجێ بکرێن(2)!!!!!.
نازانم، چۆن جەنابی پارێزگارو ئەندامانی گرووپی کوردی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەم پڕیارە ڕازی دەبن؟ کە خۆی لەخۆیدا درێژەدانە بە سیاسەتی تەعریب، چونکە ئەو تەعریبانەی گوندی بەشیر هەر لەسنووری ئەو پارێزگایەدا دەمێنن و جارێکیتر خاکی کورد داگیردەکەنەوە. نازانم پارتە کوردیەکان، کورد، چۆن بەچارەسەرێکی لەم چەشنەو لەسەر حیسابی کورد ڕازی دەبن؟؟؟؟
ئەگەر بەگوێرەی بەندی ژمارە 58 ی یاسای بەڕێوەبردنی ئێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا بێت، دەبێت عەرەبی تەعریب بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوون، نەک لە نزیک هەمان ناوچەی کە داگیریان کردبوو،  نیشتەجێ بکرێنەوە!!!!.

دەرسیم دیبەگەیی
دانیمارک/ دووشەممە 13.9.04

1. کوردستانی نوێ ژمارە 3420 پێنجشەممە 15.7.2004
2. کوردستانی نوێ ژمارە 3470 یەکشەممە 12.9.2004 و ئاڵای ئازادی ژمارە 581 دووشەممە 13.9.2004



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com